LONDON KURDISH FILM FISTEVAL

ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی

# سێهەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن

## ڕۆژی هەینی ٢٢ ئۆکتۆبەر تا پێنج شەممە ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤

ئێمە شادمانین کە بە هاوکاریی کۆمەڵگای کورد، فێستیڤاڵی سێهەمی فیلمی کوردیی لە لەندەن پێشکەش دەکەین.
دوابەدوای سەرکەوتوویی فێستیڤاڵەکانی پێشوو بە بەشداریی زیاد لە پێنج هەزار کەس، وا فێستیڤاڵی ئەم ساڵیشمان بۆ ماوەی ٢ هەفتە بەڕێوە دەچێت و تێیدا چەشنایەتیەکی سەرنجڕاکێشی فیلمی سینەمایی، دۆکیومەنتری و فیلمی کورت نیشان دەدەین کە لە لایەن فیلمسازانی کوردەوە لە شوێنی جیاجیای ئەم جیهانە بەرهەم هاتوون یاخود لە پێوەندی کێشەکانی کورددان.
لەم فێستیڤاڵەدا فیلمی کوردی سەبارەت بە کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هەروەها لە دەرەوەی وڵاتیش نیشان دەدرێت.
لە ماوەی فێستیڤاڵەکەدا لەگەڵ بەرهەمهێنەری فیلمەکان ئاخافتن دەکرێت و خولی ڕاهێنانی تایبەتیش بۆ هاندانی فیلمسازە لاوەکان بەڕێوەدەبرێت.

**بەرهەمی بەرچاوی ناوفێستیڤاڵەکە بریتین لە:**
فیلمی «پەنابەرێتی» نایجل ڕۆف – بارکر، «شریتی ڕەش: ڕۆژمێری سێزدەهەم» فەریبورزی کامباری، «پێش خۆرهەڵات» ئەنوەر سندی، «عەلی کیمیاوی» کاوە ئاکرەیی، «دواچرکە» مارینا کابارال، «تۆسقاڵێک ئازادی» یوکسەل یەڤوز، «گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەددام» جانۆ ڕۆژبەیانی، «ئاوێنەی درێژ» خەلیل ئۆیسەل، «ئەمڕۆ ـ سبەی» سەربەست ڕەسوڵ، «فۆدگا لیمۆ» هونەر سەلیم، «شەڕ تەواوبوو» بەهمەن قوبادی، «خوڵە پیزە» جەلیل زەنگەنە، «دەما باران دێت» شەوکەت ئەمین و چەند فیلمی کورت و دۆکیومەنتری کەناڵی ئاسمانی "کوردستان تی ڤی"، «نەوەیەکی بێ یادوەریی» دڵشاد مستەفا و چەند کورتە فیلمێکی دەسگای "خاک" و «چێک پۆینت»ی ناسر حەسەن و....

هەروەها هیواداریین بتوانین فیلمی «کیسەڵیش دەتوانن بفڕن»، کاری بەهمەنی قوبادی نیشان بدەین کە ٢ هەفتەیەک پێش ئێستا خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی سەن سباستیانی بردەوە و ساڵی دادێ لە پرۆژەی ICAدا نیشان دەدرێت.

نامیلکەی فێستیڤاڵەکە ڕۆژی هەینی ١٥ی ئۆکتۆبەر بڵاو دەبێتەوە و سەرجەمی بەرنامەکانیش دەتوانرێ لە ڕێگەی ئەم سایتە ئینتێرنێتیانەوە دەست بکەوێت:

**www. kurdishfilmfestival.com**
**www.riocinema.org.uk**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەری فێتسیڤاڵ**